**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا** (زنجیرەی ٢)

**بۆکان لە رۆژنامەی کوردستان دا**

ئامادەکردنی:  تاهیر عەلیار

---

## هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە شاری بۆکان




بە پێی دەستووری هەیئەتی مەرکەزیی حزبی دێموکراتی کوردستان و ئەمری جەنابی قازی محەمەد سەدری ئەعزەم و پێشەوای کوردستان قەرار درا ئاڵای موقەدەس و سێ رەنگی کوردستان لە بۆکانیش هەڵکرێ . ئاغایان میرزا مستەفا سوڵتانیان ، عەبدولقادر مودەریسی ، حوسێن فروهەر ، میرزا محەمەدەمین شەرەفی ، عەلی خوسرەوی ، مەحموود وەلی زادە ، میرزا رەحیم لەشکری و ئەعزای هەیئەتی حزبی دێموکراتی کوردستان و ئاغای شیخولئیسلامی (هێمن) شاعیری میللی و نمایەندەی هەیئەت رەئیسەی میللی و ئاغای محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی ئوردووی میلی بە فەرماندەریی گاردی ئیحترام و دەستەی موزیک لەگەڵ ئاغای قاسماغای ئێلخانی زادە نمایەندەی کومیتەی محەللیی حزبی دێموکرات لکی بۆکان بە مەئموری هەڵگرتنی ئاڵای موقەدەس مەعلوم کران .

سەعات یەکی پاشنیوەڕۆیە رۆژی چوار شەممە ٢٤،١٠،٠٥ بە ئیفتیخاری وەرێکەوتنی هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە حەساری کانگای حزب مارشی میللی کوردستان خوێندراوە و موزیک لێدرا لەو کاتەدا ئوتومبیلی مە خسووس لە نێوانی هەزاران نەفەر خوشک و برایانی سابڵاغی گەیشتنە بەر دەرکی حزبی دێموکراتی کوردستان و راوەستان. هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە نێو شریخەی چەپڵە رێزان و نەعرەتەی توند و بڵیندی هوریا و بژی کورد و کوردستانی بەرێکەرەکانەوە کە لە دڵێکی گەرم و گوڕ و بە کوڵەوە دەهات وەڕێ کەوت . سەعات دووی پاش نیوەڕۆ هەیئەت گەیشتە میاندواو و لەوێ پێشواز هاتووەکان ئاغایان قازی قزڵجی ، حەسەن خانی بوداق ، برایماغای ئێلخانی زادە ، حەمەدەميناغای ئێلخانی زادە ، ئەبوبەکراغای ئێلخانی زادە و دوو نەفەر شاعیری میللی هەژار و حەقیقی لەگەڵ سەد نەفەری تر لە ئەعزای کومیتەی محەللی بۆکان گەیشتێ و مەراسمی ئیحترامیان بە جێ هێنا مارش و موزیک خوێندرا و لێدرا ئەم جار قەتاری ئوتومبیلی هەڵگری هەیئەت و پێشوازهاتووەکان کەوتنە رۆیین تا گەیشتنە تەقیاباد .

لەوێ برا دێموکراتە ئەرمنیەکان بە فەرماندەریی (عشقی خان ) لە لای راستەوەی رێگاوە و خوشکە ئەرمنیەکانیش لە لای چەپەوە راوستابوون ئیحترامی نیزامی و هوریا و چەپڵە رێزانیان کرد و( عشقی خان ) لە تەرەف هەموانەوە تەبریکی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کرد . قاسماغای ئێلخانی زادە لە لایەن هەیئەت و تەواوی برایانی کوردەوە ئیزهاری مەمنوونیەت و سپاسی بە خوشک و برا ئەرمنیە هاوئامانجەکان کرد . ( حزبی دێموکراتی کوردستان سوپاسیان دەکا و قەدری عشقی خان دەزانێ ) .

هەیئەت لە نێو هوریا و چەپڵە رێزانی برا ئەرمنیەکان وەڕێ کەوت تا گەیشتە قەرەموسالیان یانی ئەو دێیە کە مانگی رەشەمەی پارەکە سەروان خاکسار و سەربازەکانی خەیاڵی خاوی دیکتاتۆری بای باڵی دان و بە رێبواری هاتبوونە ئەوێ و مزگەوتیان هەڵوەشاندبوو ، نیر و ئامووریان سووتاندبوو و خەڵکی ئەوێیان پرش و بڵاو کردبوو . لەوێ میرزا مستەفا موقتەدری و مەحموودخان و یۆنس خان و عەوڵا خان ئەمیری ئەعزای لکی محەللی دێموکراتی ئەوێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی دێ و چەند دێی دەوروبەریش ریزیان گرتبوو . میرزا مستەفا لە جیاتی هەموان تەبریکی ئیزهار کرد و سێ دەسرێژ کرا و هوریا و چەپڵەیەکی زۆر لێدرا و گاوگەردونیان کرد .

هەیئەت وەڕێ کەوت و سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ گەیشتە عەلیاباد سێ کیلۆمیتریی بۆکان لەوێ گاردی ئیحترام بە فەرماندەریی سەلیماغای ئێلخانی زادە و عیدەی سوار لە ژێر دەستووری جەعفەراغا و مارفاغا ئێلخانی زادە و قوتابیەکانی

قوتابخانەی بۆکان و ئاغایانی ئەحمەدبەگی فەیزوڵابەگی، فەیزوڵاخان و عەلی خانی قازڵیان و ئەحمەداغا و عومراغا و کەریماغای عەباسی و هەباساغا و خالیداغای حیسامی و چوار پێنج هەزار نەفەر خەڵکی بۆکان و دەوروبەر بە پێشوازەوە هاتبوون. لە وێ هەیئەتی هەڵگری ئاڵا پیادە بوون و ئاڵای موقەدەس وەک رۆژ لە پشت هەور بێتە دەرێ لە( ....؟) دەرکەوت و کوردستانی گرتە ژێر شاباڵی پیرۆزی خۆی و مزگێنی سەعادەت و خۆشبەختی بە نەتەوەی کورد دا مارشی میللی خوێندراوە و موزیک دەستی کرد بە لێدان و لە تەرەف گاردی ئیحترامی مهاباد و بۆکان و سواران سێ شیلینگ کرا ، گاوگەردوون کرا و ئاڵا لە سەر شانی جەوانی رەشید ئەبوبەکراغای ئێلخانی زادە لە نێو چەپڵە رێزان و هوریا و بژی کورد و کوردستان دا گەیشتە کێلە شین، دیسان گاوگەردوون کرا و بە خۆشی و بەشارەت و شادیەوە ئاڵا گەیشتە سەر حەوزی بۆکان و تەواوی کۆمەڵی خەڵکی لە دەوری حەوز و مەیدانی ئەوێ کۆبوونەوە .

( قازی محەمەد سادق قزڵجی) وتار و شیعری بە تینی خۆی لە ژێر ئاڵا دا خوێندەوە و پاش وی حەقیقی و هەژار شاعیری میللی هەر کام دەستە شیعرێکی زۆر چاکیان خوێندەوە و هەیئەتی هەڵگری ئاڵا چوونە عیمارەتی قەڵا کە لە پێشدا بۆ بە خێرهێنانی ئەوان ساز کرابوو.

شیعری هەژار:

بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وایە کورد سەرناکەوێ

کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لە سەرمان نارەوێ

داری ئاڵاکەم وەکوو چقڵێکە بۆ چاوی عەدو

هەر دڵێ خۆشی نەوێ رەبی وەبەر خەنجەر کەوێ

داری ئاڵام داری کرد بۆ خوێنمژی کوردی هەژار

پێی بڵێن با داکەوێ لەو خاک و ئاوە چی دەوێ

داری ئاڵامان برا سێ دارەیە بۆ دوژمنان

هەر لە ئاسوگ سەرکەوێ پێویستە ژینی خۆی نەوێ

پارچەکەی سێ رەنگی خۆی دەنوێنێ رەنگی سوور دەڵێ

تا تنۆکێک خوێنی کورد مابێ قەدی من نانەوێ

یان دەڵێ تا لەشکری سوور بەرقەرار و زیندووە

قەومی کوردرزگارە، ئەو داشدارە، بەختو ناخەوێ

یان دەڵێ لێم سوورە دێموکراسی لە عالەم سەرکەوت

موستەبید و مورتەجیع کەوتوونە گێژی گێژەوێ

سپیەکەی مژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بەیان

رۆژی بەختی کوردی پەیدابوو نەما پەردەی شەوێ

دووگوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە رزقی خۆت بێ

خۆت کە برسیی بۆچی دوژمن پێی بژین لێرەولەوێ

پێو دەڵێ نووکی قەڵەم ، گەر ژینی خۆشو پێ دەوێ

غەیری من دەسناکەوێ بۆ رێی تەڕەقیی و پێشرەوێ

رەنگی سەوزی یانی دایکی نیشتمان لەورۆکەوە

جوان وسەر سەوزە وەگیری کەوتەوە عومری نوێ

لاوەکان ناموسی نۆ ملیونە ئەو ئاڵایەمان '

گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو ناموسەتان لە منو کەوێ

رێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتحادی شورەوی

سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاکوخۆڵی مەسکەوێ

رەبی ئەستالین بژی بۆ لاگریی مەزلوومەکان

تا زەمانە خول دەدا و تا رۆژ دەبەخشێ پەرتەوێ

رەبی هەرکەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە

ژێر کەوێ کۆستی کەوێ رەبی سەعاتێک نەسرەوی

شیعری حەقیقی:

نیشتمان پەروەرەکان سەروەرەکان		لاوەکان هاو وەتەنان رەهبەرەکان

جێژنی ئازادیی کوردوستانە		مەوقیعی کار و لە خەو هەستانە

غەرقی خۆشیم و سپاسی باری		هەڵکرا بەیرەقی خودموختاری

رۆژی عەیشو تەرەبە و شادیی کورد		هەڵکرا پەرچەمی ئازادیی کورد

هەڵدرا خەیمەیی ئەورەنگی وەتەن		هەڵکرا بەیرەقی سێ رەنگی وەتەن

هاتە بەر ، باغی سەعادەت ئەسەرێ		هەڵکرا رایەتی فەتح و زەفەرێ

خونچەیی بەخت و تەرەقی پشکووت		لە چیاو دەشتی وەتەن هەردوو بە جووت

کەوکەبی بەختی کە وا چووبووە خەو		لە نەکاو ساندی لە رۆژێ پەرتەو

باری کرد لەشکری رەنج و ئیدبار		هاتە جێ شادی کە کردی ئەو بار

ماڵ و ناموس و حەیا هاتەوە دەس		دەس بە جێ لێکەوە بوو ناکەس و کەس

موشکیلی کوردی کە بوو لایەنحەل		کردی حەل روحمی خودای عەزەوەجەل

کوردە تۆ خاوەنی عەزمێکی قەوی		شاهیدی غیرەتی تۆن خەڵکی زەوی

| | |
|---|---|
| بەسە بێگانە پەرەستی تا کەی | تەنبەڵی و سستی و مەستی تا کەی |
| ئەوکەڕەت هەستیی دوژمن تێکدەن | پشت بە پشت دەستو وەدەستی یەک دەن |
| دێتە گوێم دەنگی سەلاحەددینی | روو بە خاکی وەتەنی رەنگینی |
| کە ئەوی دیومە ئەوا دیمەوە من | مردبووم گەرچی ئەوا ژیمەوە من |
| هاتە جێ ئەورۆ هەموو ئاواتم | گیانفیدای میللەتەکە و ئالاتم |

سەعات دوازدەی بەیانی ئەوێ رۆژێ جەنابی حاجی بابەشێخ رەئیسی میللی کوردستان لەگەڵ ئەحمەداغای ئێلخانی زادە واریدی بۆکان بوون و سڵاوی سەربازی و تەپڵ و موزیک بە جێ هات و ئەوێ رۆژێش لە بەر وەی کە تەواوی ئەهالی ئەتراف لە نیعمەتی ئەو جێژنە میللیە بەهرەوەر بن و بگەنە داری ئاڵا، هەل نەکرا.

رۆژی هەینی و ۲٤،۱۰،۷ لە سەعات ۸ ی بەیانەوە دەست بە تەشریفات کرا .

۱، لە سەربانی عیمارەتی قەڵای بۆکان بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە تەرەفی راستی ئاڵاوە حاجی بابەشێخ و لە لای چەپەوە جەنابی حاجی بایزاغا راوەستان و لە هەردوولاوە دوو موسەلسەل داندرا.

۲، قوتابیەکانی قوتابخانەی بۆکان و مامۆستاکان و خەڵکێکی یەگجار زۆر لە سەر سەکۆی قەڵا ، دەستەی موزیک و گاردی ئیحترامی مهاباد و بۆکان بە فەرماندەریی ئاغای محەمەدی نانەوازادە فەرماندەری ئوردووی میللی مهاباد و سەلیماغای ئیلخانی زادە فەرماندەری بۆکان لە هەیوانی نێوەڕاستی قەڵا ئامادە بوون تەواوی ئاغایانی ناوبراوی سەرەوە و جەمعییەتێکی کەش لە ئاغایان مینجوملە حوسێناغای عەلیار و براکانی لە سەربانی قەڵا بە ریز لەم لاولای ئاڵاوە بە چەند سەف راوێستان خەڵکێکی بێ ژماریش لە مەیدانی خوارەوە و دەوروبەری حەوزی گەورەی بۆکان راوەستان.

۳، قاسماغای ئێلخانی زادە پرۆگرامی خوێندەوە و جەنابی حاجی بابەشێخ نوتقێکی زۆر گەرمی فەرموو مزگێنی خۆشبەختیی نەتەوەی کوردی دا و تەواوی میللەتی کوردی بۆ گەیشتن بە حەقی خۆیان بە هەویا کرد و ئاڵای مبارەکی بە دەستی خۆی هەلکرد.

٤، سروودی میللی کوردستان خوێندراوە و موزیک لێدرا و بە دووسەد تفەنگ و سێ موسەلسەل سێ دەسرێژ کرا . ئاغای حەسەن قزڵجی لە لایەن رەحماناغای ئێلخانی زادەوە کە لە رێگای ئازادی کورد و مەرامی دێموکڕاسیدا زەحەماتێکی بێ حەد و حیسابی کێشابوو بۆخۆشی لە ماڵ نەبوو هەڵکرانی ئاڵای تەبریک کرد.

٥، ئاغای قازی محەمەدسادق قزڵجی نوتقێکی بە تینی کرد .

٦، ئاغای عەلی خوسرەوی سەرۆکی دایرەی چاپ و بڵاوکردنەوەی حزبی دێموکڕاتی کوردستان نوتقێکی بە تین و باشی لە بابەت یەکێتی و دەست وەدەست دان بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەی کورد و بەهرە وەرگرتن لە ئازادی و دنیای دێموکرات بەیان کرد و زیمنەن ئیزهاری کرد کە لە دنیای ئەورۆدا عومووەمی میلەل لە نیعمەت دێموکراسی بەهرەمەند بوون لە بەروەی دەبێ بە قووەی باسکی کوردی شمال برایانی کوردی کە لە جنوب لە ژێر زنجیری ئیستبداد دا دەناڵن رزگاریان کەین و لە ئاخری دا بە سڵامەتی پێشەوای ئازادی دونیا ژنرالیسموس ستالین و رەهبەری میللەتی کورد جەنابی قازی محەمەد نوتقەکەی دوابی هات.

۷، ئاغای هەژار دەستە شیعرێکی شیرینی سەید کاملی خوێندەوە.

۸، ئەحمەداغای ئێلخانی زادە نوتقێکی گەرموگوڕی لە بابەت خۆ فیداکردن و گیانبازی لە رێگای کوردستان و بڵیند کردنی ئاڵای کوردستان دا بەیان کرد .

٩، ئاغای حەقیقی شاعیری میللی دەستە شیعرێکی بەرزی خوێندەوە .

١٠، ئاغای رەحمان مودەریسی لە لایەن دەستەی لاوانی مهابادەوە هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستانی لە تەواوی برایانی مەنتەقەی بۆکان تەبریک کرد.

١١، خالیداغای حیسامی دەستە شیعرێکی باشی خویندەوە.

(بۆ هەڵکردنی ئاڵای بۆکان)

شیواو دیسان دەستی تەبیعەت هاتە سازی بەزمی رەندانی

دەپایزدا بە لالە و گوڵ موزەیەن بوو گولستانی

شنەی بادی سەبا و سۆزی لە لای دەستی قەدەر مەعموور

کرابوو لابەرێ تۆزی کەسیفی کورد لە سەرشانی

هەزاردەستان و قومری یەک بە یەک هەریەک بە ئاهەنگێ

لە سەر شاخەی سنوبەر شاد و سەرگەرمی غەزەل خانی

لە جلوەی نەستەرەن سەرخۆشەبولبول غەرق و شەیدایە

لە گۆشەی روومەتی گوڵ خونچە رووناکە شەبستانی

دەپەردەی نازەنینی دا شقایق رشکی گوڵزارە

لە بەر نەزمی گوڵستان بۆتە پەرژین بەرگی ریحانی

لە سووچێکی چەمەن دا هەمهەمەی بازی شکاری دێ

لە لای دیکەش بە گوڕ قاقای کەوی زەردی بەهارانی

لە سەدلا کیژ و کاڵی کوردەکان هەروەک کەوی نەخشین

لە ژیری نەو نەمامانی وەتەندا زینەتی جوانی

بپرسە کوردە بەو پاییزە کەنگێ وەختی گوڵزارە

خەزەڵوەر کەی دەبێتە خاکەلێوە، شین بێ بێستانی

چلۆن زریانی سەرماوەز دەبێ بە شنەی بیابانی

بەڵێ ئەورۆکە رۆژی شادی و جەنگەی زەماوەندە

بەهارستانی کوردە و لاچووە دەرد و پەرێشانی

جحێڵان لاوەکانی نیشتمانم موژدە بێ لێتان

سوپای دەرد وکەدەر رۆیی نەماوە رۆژی دامانی

له سایەی زەحمەتی رۆڵەی پلنگ و سەفدەری کوردان

له ئاهی نیشتمان ئەو خاکی رەنگین وێنە ریزوانی

به یاریی ئەرتەشی سوور ساحەبی فەتح و عەداڵەت کار

به ئازادی چەقا بەیداغی کوردستان له سەر جانی

به هێز به دلێکی ساف و بێ غەلەل پێشکێشه ئەم واته

مەبارەک بێ براکانی وەتەن جێژن و چراخانی

ئەوا منیش هاته جێ ئەو ئارەزو و ئاواتی دێرینم

ئەوا گرتم له باوەش یارکه کوشتبوومی به هیجرانی

به پێویستی دەزانم بۆ گەلی کوردی وەتەن شێواو

له چووک و گەوره بگره تا دەگاته دەس به گۆچانی

وەفاداری و فیداکاری له دەس خۆ دەرنەکەن گشتیان

هەتا وەک جۆگه خوێن دەڕوا له بەر زامی شەهیدانی

به شمشێری سەعی ببڕن سەری دوژمن به دەستی گەل

هەتا وەک گۆ دەسووڕێنن سەری مەزنوو له مەیدانی

دەحیفزی بەیرەق خۆدا به قوربان کەن سەروماڵوو

به ئاڵای وەک سوهی سەروی نەگا ئاسیی زستانی

خالید حیسامی

١٢، حەمەدەمینا غا ئێلخانی زاده نوتقێکی به تینی کرد له کاتێدا ناوی حەمەحۆسین خانی برد شیلینگێکی ئیحترام کرا.

١٣، مارفاغای ئێلخانی زاده نوتقێکی چاکی کرد به تایبەت له بابەت دیلی و یەخسیری براکوردەکانی جنوبەوه باش دواو کوتی بۆ ئێمه غیرەت نیه ئەو برایانەمان بەو جۆره له حوقوقی نەتەوایەتی و ئینسانییەت بێ بەش بن و له ژێر چنگاڵی ئیستبداد و زۆرداری دا بناڵێنن.

١٤، جەعفەراغای ئیلخانی زاده له نوتقی خۆی دا دوای مەبارەک بادی ئاڵا به بەیانێکی شیرین گوتی تەواوی میللەتی کورد پێویسته له رێگای بەرزکردنەوەی ئاڵا و پێک هێنان و وەدەست خستنی ئازادی بۆ براکانی دیکەش سەری خۆیان له پێناو نێن.

١٥، جەنابی حاجی بایزاغا ئێلخانی زاده له سەر نیعمەتی گەورەی ئازادی و هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان شوکرانەی خودای بژارد و ئامۆژگارییەکی زۆر به نرخی بۆ برا دێموکڕاتەکانی فەرموو له فیداکاری ئەوان ئافەرینی کرد له خاتیمەدا ئاغای قاسماغا ئێلخانی زاده نوتقێکی زۆربه تینی له بابەت خۆشی و ئازادی کوردەوه بەیان کرد و سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ به خوێندنەوەی مارشی میللی و لێدانی موزیک جێژن تەواو بوو . برا مهابادییەکان سەحات ٤ ی پاش نیوەرۆ به هوریا و چەپڵه رێزان و نەعرەتەی بژی کورد و کوردستان بەرێ کران.

کوردستان: ئێمەش بە نۆبەی خۆمان لە فیداکاریی هەیئەتی حزبی دێموکڕات و کارگەرانی حزبی بۆکان و بە تایبەتی لە ئاغایانی ئێلخانی زادە کە لە ڕێی ئازادی و دێموکڕاسیدا ساڵهایە فیداکاری دەکەن و لە جێژنی هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستاندا موتەحەمیلی زەحمەت و مخاریجێکی زۆربوون بێ ئەندازە سپاسیان دەکەین و ئومێدەوارین کە ئینشائەڵلا لە سەر مەرامی موقەدەسی خۆیان موەفەق و سەربەرز بن.

درێژەی هەیە...